# کۆمەڵە بەشداری کونفرانسەکەی هەولێر ناکات

**سەبارەت بە کونفرانسێک کە ماوەیەکە چاوڕاوی بەرێوەچونی لە میدیاکان دا بڵاو بوەتەوە هاورێ ئیبراهیم عەلیزادە لێدوانێکدا بۆ سایتی بەیان داوە کە لیرە دا دەقی ئەو لیدوانە کە لە سایتی بەیان دا بڵاوکراوەتەوە دەخوێننەوە:**

بە یان : کۆمەلە بەشداری کونفرانسەکەی شاری هەولێر کە بریار وایە لە داهاتوویەکی نیزیك بۆ حیزبەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان ببەسترێت ناکاتو ئەمەش لە لێدوانێکی ئیبراهیم عەلیزادە دەبیری یەکەمی رێکخراوی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئێران ـ کۆمەلە بۆ سایتی بەیان هات.

عەلیزادە لە وەلامی پرسیارێکی بەیان سەبارەت بە بیرۆکەی کۆنفرانسەکە ووتی:" بیرۆکەی پێکهێنانی کونگرەیەك بە بەشداری لایەنە سیاسیەکانی هەر چوار بەشەکەی کوردستان کە ئامانجی روون و دیاریکراوی هەبوو ، چەند مانگ لەمەوبەر لە لایەن چەند کەسایەتێکی سیاسی ناسراوی کوردستان لە گەل ئێمەش هاتە گۆرێ".

عەلیزادە ووتی: ئەو کات ئێمە زۆر بە گەرموگوری بەرەو پیری چووین و بە هەولێکی دلسۆزانەی سیاسی و پێویستمان دەزانی. دەستوری کار و شیوەی تەداروکی ئەو کونگرەیەمان وەکوو هەولێکی دیموکراتێك بەلاوە پەسەند بوو".

دەبیری یەکەمی کۆمەلە لە درێژەی لێدوانەکەی بۆ بەیان ئاماژەی بە کۆسپەکانی سەر رێگای ئەو بیرۆکەیە کردو وتی:" ئەوەندەی ئێمە لە جەریانی هەڵسووڕانی ئەو بەرێزانە دابووین ئەوکات گەورەترین گرفت ئەوە بوو کە ئایا حکومەتی هەرێمی کوردوستان رێگە دەدات ئەو کونگرەیە لە شاری هەولێر بەرێوە بچێ و ئایا کار ئاسانی پێویستی بۆ دەکات یان نا؟ هەوڵەکان لە ئەساس دا بە هۆی دڵنیا نەبوون لەو مەسەلەیە بە ئاکام نەگەیشت و ئەو کونگرەیە نەیتوانی لە کات و شوینی دیاریکراودا بەرێوەبچی".

عەلیزادە سەبارەت بە بەستنی ئەو کۆنفرانسەی رۆژانی داهاتووی هەولێر ئاشکرایکرد:" ئەوەی کە ئێستا باسی لێدەکرێ و هەوالەکانی بە شێوەی نارەسمی لە میدیاکاندا بڵاودەبێتەوە حەرەکەتێکی جیاوازە".

وتیشی: ئەوەندەی ئێمە ئاگادارین لایەنە سیاسیەکانی ناسراوی بەشەکانی کوردستان نەك هەر لە پرۆسەی تەداروکی دا بەشدار نین بەڵکو تەنانەت تا ئێستا بانگهێشتیش نەکراون.

ئیبراهیم عەلیزادە لە کۆتایی لێدوانەکەی بۆ بەیان نەیشاردەوە کە:" ئامانجەکانی کۆنفرانس ناروون و گۆمان ئاویە. هەر بۆیە ئێمە لەو کۆبونەوەیەدا کە جارێ نەفسی بەرێوەچون و نەچوونەکەشی لە ژێر پرسیار دایە ئەگەریش بەریوەبچێ بەشداری ناکەین".